# بۆ دەنگ نادەم؟!!

ئەم ناونیشانە مانایە بۆ تێڕوانینی خۆم وەك هاوڵاتییەكی كورد كەلەسەر خاكی كوردستانی دابەشكراوەوە دەژیم و بەقەولی عێراقچیەكانیشەوە گوتەنی دانیشتووی كوردستانی عێراقم! ! دیارە دەنگ هەڵبڕینی تاكێكی وەك من سەبارەت بەهەڵبژاردنو دەست نیشانكردنی نوێنەری خۆم بۆ پەرلەمانە خێر لێنەدیوەكەمان كە12 ساڵ لەمەو بەر بەهەمان شێوەی ئێستا بە پرۆسەیەكی فوول دیموكراتیانەو مەدەنیانە دەنگەكانمان خستە ناو سندوقە فەلەكانەوە! ! ئا ئەمڕۆكەش بەهەمان بەزمی پێشوو بەڵام ئەمجارە بەتەوافوقو رێككەوتن لەسەر دابەشكردنی كورسیەكان دەیانەوێت دەنگی منی هاوڵاتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەكاربهێنن، جا لێرەوە دەمەوێ رایبگەیەنم كەمن لەپرۆسەیەكی ئاوا نا تەندورستو نائاسایی بەشدار نابمو بەدڵنیایەوەش رایدەگەیەنم كەدەنگ بەهیچ حزبو كەسو رێكخراوێك نەدەمو نەبمە كارەكتەرێكی بێ دەمو بێ چاوو ئەقڵو هەڵوێست لەبەرامبەر پارتیو یەكێتی رابوەستم كەسەرەتا خۆ بەخۆیی لەسەر نەنتیجەی هەڵبژاردن كۆكبنو دواجاریش بەمنی هاوڵاتی بڵێن دەنگ بدە.

بۆیە دەنگ نەدانی ئێمە لەپرۆسەیەكی ئاوادا دەنگ هەڵبڕینە لەدژی بەبەربەتو ناعەدالیەتیو نادیموكراسیانەی ئەوان كەلەو وڵاتەدا بەدرێژایی ئەو 12 ساڵە هەرلە یەكەم هەڵبژاردنی 1992 تاهەڵبژاردنی شارەوانیەكانو هەڵبژاردنی قوتابیانو خوێندكارانو سەندیكاكانەوە هەمووی بەپێی میزاجو بەرژەوەندی یەكێتیو پارتی بەرێوە چووە. بێگومان ورووژاندنی مەترسی نەتیجەی هەڵبژاردنەكەش لەلایەن پارتیەوە كەدەڵێن مومكین نییە ئاكامی هەڵبژاردنەكە چ بەلای پارتی بكەوێتو چ بەلای یەكێتیدا بكەوێت بەئاسانی قبووڵبكرێت، بۆیە واچاكە كورسیەكان بەتەوافووق دابەش بكەین! ! دیارە بۆ تێڕوانینەی پارتیو قبووڵكردنی یەكێتی بۆ ئەو دیدە سەقەتە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لەو هەلوومەرجەدا وادەكات كە ئێمە مانان بۆدواجار مەترسی گەورەتر چاوەنواڕبكەین لەو دوو حزبە كە لەو 12 ساڵەدا بەهۆی دەسەڵاتیانەوە خواستەكانی خەڵكی كوردستانیان پشتگوێ خستووەو بەردەوامیش بووینە لەگیرفان پڕكردنو چەوساندنەوەی ئەو خەڵكە. . . بێگومان زۆر گرنگە لەو هەلوومەرجەشدا چەند پرسیارێك لەو دوو حزبە بكەینو رووبەرووی ئەو پرسیارانەیان بكەینەوە كە پێشتر نەمان وێراوە بیانكەین.

با لە پارتی بپرسین كوا داهاتی ئیبراهیم خەلیل. چەندەو چۆنیشت سەرفكردووە! ؟

با لەیەكێتی بپرسین داهاتی سنوورەكانی خۆت چۆن سەرفكردووە! ؟

ئایا كێ هەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دیارە ئەوپرسیارانە قەدەغە بووینە بۆیە لەو 12 ساڵە ئەو فەسادیانە لەناویاندا هێندە تەراكومیان كردووە بەسەر یەكدا، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین پارتی دوو ساڵە ناتوانێت بودجەی حكومەت كەخۆی دابنیدەكات بۆ دەزگاكانی راگەیاندن ئاشكرایان بكات.

لەو لاشەوە مەكتەبی سیاسی یەكێتی مام جەلال بەو تاوانبار دەكات كە داهاتی حزب نازاندرێت چەندەو چۆن سەرف دەبێو لەدەست كێدایە! !

ئاخر دەنگ بەكێبدەم ، 12 ساڵی رەبەقە ئیهانە دەكرێم دەمێك بەدزینی داهاتی كوردستان، دەمێك بەشەڕی ناوەخۆو دەمێك بەدەبابە هێنانو جاشایەتی بۆ ئەوو ئەم.

ئەی گەلی براینە كوردی بێ چارەو بەش خوراو دەپێم بڵێن لەناو ئەم هەموو تاوانبارە دەنگ بەكێبدەم! ؟

بڕوام پێبكەن لەژیاندا نەكاك مسعودو و نەكاك نێچیرڤانم راستەوخۆ نەبینیوە تەنها لەرەسمو تەلەفزیۆن نەبێت. .

بڕوام پێبكەن تائێستا هەست بەهاورێیەتی خۆم ناكەم لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی كە لەژێر سایەی ئەودا شەو رۆژ ئاوا دەكەم ..

بڕوام پێبكەن قێز لەخۆم دەكەمەوە كاتێك دەبینم ئەو ئەبو فایلانەی كەپیاوی بەعس بووینەو ئێستاش لەناو یەكێتیو حزبەكانی تردا دەسەڵاتدارن بەڕاستی شەرم دەكەم لەبەرامبەر ئەو مێژووە رەشەدا بووەستمو بێ هەڵوێستیش دابنیشمو دەنگیش بۆ مانەوەی ئەوانەبدەم! !

كاتێكیش دەبینم یەكگرتوو دەچێتە بەرەی ئەهلی سوننەوەو پرۆتۆكۆلی گەیشتن بەخەلافەت لەگەڵیاندا مۆر دەكات خەریكە لەداخییدا بەعەرەبو فارسو تورك بڵێم رەحمەت لەكفن دز كە ئێوەن! !

لەكۆمەنیستەكانی لای خۆشمان هەرگەڕێن تا دوێنێكە شەریكە خەمیان بوومو تیرۆركردنی ئەندامەكانیانم لەلایەن ئیسلامیو یەكێتیو پارتیەوە مەحكووم دەكرد، داخەكەم ئێستا ئەو فەقیر پەرستانە چوونەتە رێزی تەعریب چیەكانەوەو خەریكە تاپۆكەی كەركوك كەهی كوردە بدەنە عەرەبە

هاوردەکان! ! بەراستی لەناو ئەو هەموو گەمە خەتەرانەی  حزبەکانەوە کە بە چارەنووسی ئێمە دەیکەن هیچ مانایەک بۆ هاولاتیبوونمان نەماوەتەوە، بەڵکو ئەوان خۆیان مێژوومان دەنووسنەوەو بەرنامە بۆ ئێستامان دادەنێنو ئایندەشمان دیاریدەکەن.

بۆیە لەبەرامبەر ئەو واقیعە تاڵەی ئەوان بۆ ئێمەیان بەرهەم هێناوە بەراشکاوانە دەڵێم دەنگ بەهیچ کامێکتان نادەم! ! ؟

**دڵزار حەسەن**

**کەسی یەکەمی ناوەندی هاودەنگ**

**لەپێناو سەربەخۆیی و داکۆکیکردن لەسەربەخۆیی کوردستان**

2004/12/8